# وەفدێك لە كۆمیتەی سلێمانی سەردانی كرێكارە بریندارەكانی گارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە دەكات!

ئەمڕۆ سەر لەبەیانی وەفدێكی كۆمیتەی سلێمانی كەپێكهاتبوو لە مەهدی رەسول لێپرسراوی كۆمیتەو حسین سالح، ئەكرەم محمد، سالار جەبار، هیوا رەئوف لە ئەندامانی كۆمیتەی سلێمانی سەردانی خەستەخانەیان كرد بۆ هەواڵپرسینی كرێكارە مانگرتوە بریندارەكانی ڕۆژی دوێنێ 2006/7/27 كە لەلایەن پاسەوانەكانی كارگەی تاسلوجەوە درانە بە ڕێژنەی گوللە، تەنها لە بەر ئەوەی كە مانیان گرتوەو داواكاری ڕەوای خۆیان هەبوە. وەفدەكە چەپەكە گوڵیان پێشكەش بە كرێكارە بریندارەكان كردو هیوای چاكبونەوەی خێراو تەندروستی باشی بۆ خواستن، لەهەمانكاتدا پشتگیری حزبی كۆمۆنیسی كرێكاریی عێراقیان لە خواستو داواكاری كرێكارانی كارگەی چیمەنتۆ ڕاگەیاندو هەڵویستی حزبیان بۆ بریندارەكان ڕۆشن كردەوە سەبارەت بەئیدانە كردنی ئەم تاوانە.

**سكرتاریەتی كۆمیتەی ڕابەری ڕێكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2006/7/28